# ٧١ منداڵ لەئێران چاوەڕێی مەرگن

سازمانی لێبووردنی نێونەتەوەیی، بە بڵاوکردنەوەی راگەییندراوێك داوای لە دەزگای قەزایی و سەرانی رژیمی ئاخوندی کرد کە پێداچوونەوە بە قانونی موجازاتی ئێعدامی منداڵان لە ئێرادا بگێرنەوە. ئەو سازمانە لە نوێترین راپۆرتی خۆیدا لەبارەی (بە ناوی ئێران، دوایین جەلادی منداڵان) دەڵێ: لە ئێستادا بە لایەنی کەمەوە ٧١ منداڵ لە زیندانەکانی ئێران دا چاوەڕێی مەرگ دەکەن. بە پێی ئەو راپۆرتە لە ساڵی ١٩٩٠وە، ئێران بەرزترین ژمارەی ئێعدام کردنی منداڵان لە جیهاندا بەرێوە بردوە. "مالکوم ئیسمارت" بەرێوەبەری بەشی رۆژهەڵات و ئافریقای باکووری ئەو سازمانە، لەگەڵ ئاماژە بە رەوتی روو لە زیادبوونی ئیعدامی منداڵان لە ئێران دەڵێ: ئێران تەنیا وەڵاتێکە کە تێیدا منالانی ژێر ١٨ ساڵ ئێعدام دەکرێن. کاتی ئەوە هاتووە کە لێپرسراوانی رژیمی ئێران جارێکی دیکە و بۆ هەمیشە کۆتایی بەو حوکمە شەرمهێنەرە



بهێنن و بچنە ریزی ئەو وەڵاتانەی کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن و مافی منداڵان دەپارێزن. سازمانی لێبووردنی نێونەتەوەیی راگەیاند ٧١ نەفەر کە لە زیندانەکانی رژیمی ئاخوندیدا چاوەرێی حوکمی ئێعدامن. ئەو راپۆرتە ئەوە دەردەخا کە ژمارەی منداڵانی مەحکوم بە ئێعدام لە ئێران لەو ژمارە زیاترە، لەبەر ئەوە کە ژمارەی ئێعدام

کراوەکان بە دروستی بڵاوناکرێتەوە. بە پێی ئەو راپۆرتە لەو ٢٤ منداڵەی کە لەساڵی ١٩٩٠وە ئیعدام کراون، ١١ نەفەریان لەکاتی بەرێوەبردنی حوکمی ئێعدامدا لە ١٨ ساڵ کەمتر بوون و باقی مەحکووم کراوان تا گەیشتن بە ١٨ ساڵ لە زیندان دا راگیراون یان لەدوای گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵە دادگایی کراون و دواتر ئێعدامیان کردوون. بە گووتەی مالکوم ئیسمارت، لەگەڵ ئەوەی لێپرسراوانی رژیمی ئێران ئێعدام کردنی منداڵان رەد دەکەنەوە، راپۆرتەکان دەری دەخەن کە تەنیا ئەمساڵ دوو جار ئێعدامی منداڵان راپۆرت دراوە. ئیسمارت دەڵێ: محمد موسەوی ١٩ ساڵە کە لەمانگی ئاوریل دا ئێعدام کرا لە کاتی دەرکردنی حوکمەکەی ١٦ ساڵ تەمەنی بووە و سەعیدی قەنبەر زاهی کە رۆژی ٢٧ی مانگی مەی هاوڕێ لەگەڵ ٦ کەس لە بلوچەکان لە زیندانی زاهیدان لەدار درا، لە کاتی ئیعدام کردنی دا تەنیا ١٧ ساڵ بووە. سازمانی لێبووردنی نێونەتەوەیی بە وەبیر



هێنانەوەی ٧ نمونە لە ئێعدام کردنی منداڵان لە ئێران، بە هەڵواسینی عاتیفەی رەجەبی بە تاوانی کردەووەی دژی عیفەت(روسپیگەری) لەئاگۆستی ٢٠٠٤ ئیشارەی کردووەو دەنووسێ: کە عاتیفە لەکاتی ئیعدام کردنی دا تەنیا ١٦ ساڵ تەمەنی بووە. ئەوە لە حالێکدایە کە لێپرسراوانی قەزایی رژیمی ئاخوندی یەك رۆژ لە دوای ئێعدام کردنی ناوبراو بە رۆژنامەییێکیان گوتبوو کە عاتیفە ٢٢ ساڵ تەمەنی بووە. خاڵی سەرنج راکێش لە ئیعدام کردنی عاتیفە دا، دا ڕمانی دەزگای قەزاییە بە ناو بۆ پشتیوانی کردن لە منداڵان لەلاییێك و سەلمێنەری ئەوەیە منداڵان

لە ئێران پێش گەیشتنیان بە تەمەنی ١٨ساڵیدا ئیعدام دەکرین. ئیشارە ئەگەرچی ئیعدام کردنی منداڵان لەبەرانبەر ئیعدام کردنی گەورە ساڵان لە ئێران تا رادەییێك جیاوازی هەیە، سازمانی لێبووردنی نێونەتەوەیی دەڵێ: کە ئەو ئیعدامانە پێبەند نەبوونی رژیم بە بەڵێنیەکانی دەردەخات. بە پێی راپۆرتی سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی بێجگە لەئێران، وەڵاتانێك کە تێ یاندا سزای ئێعدام بۆ منالان بەرێوە چووە، چین و سودان و پاکستانن. ئەوە لە حالێکدایە کە رژیمەکانی چین و پاکستان ئیدعا دەکەن کە مەحکووم کراوان لەسەر ١٨ ساڵەوە بوون. ئەو راپۆرتە زیاد دەکات کە هەموو ساڵێك ئاماری منداڵانی ئیعدام کراو لە ئێران، لەژمارەی هەموو ئێعدام کراوان لە جیهان زیاترە. ئێعدام کردنی منداڵان لە ئێران، بۆتە هۆی ئەوە کە سازمانە مرۆڤ دۆستەکان و پارێزەرانی مافی منداڵان تێکۆشانی خۆیان لەمەڕ رێگە گرتن لە بەرێوە چوونی حوکمی ئێعدام بۆ منداڵان زیاتر بکەن و لق و بەشەکانیان لە وەڵاتانەی دەسەڵاتی دیکتاتوریان هەیە زیاتر و پەرە پێ بدەن و چاودێری زیاتریان بکەن.

****

# حەوتی پووشپەڕ یادی شیمیا باران کردنی سەردەشتی سەرسەوزە



حەوتی پووشپەڕ یادی کارەساتێکی جەرگبڕ و برینێکی بە ناسورەیە کە لەمێژووی قوربانیدان و جینوساید و خنکاندنی خەڵکی کوردستان دا تۆمار کراوە و وەك دەیان کرداری قڕکردنی گەلی ستەم لێکراوی کورد بە دەست داگیرکەران بە ژمارەی بیرەوەریە تاڵەکانی کورد زیاد بووە. حەوتی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ بەرانبەر بە ٢٨ی ٦ی ١٩٨٧ بیرهێنەرەوەی کارەساتێکی دڵتەزین و روداوێکی فەرامۆش نەکراوە، لەو رۆژەدا خەڵکی شاری سەردەشت کەوتنە بەر پەلاماری وەحشیانەی شیمیایی بارانی رژیمی بەعس، کە تێیدا دەیان کەس بە گازی خەردەل خنکان و سەدان کەس پەك کەوتە و کوێروکوتەر بوون و دوای ٢٠ سال بە سەر ئەو کارەساتە مەرگ هێنەرە دا ئەوانەی بەر شیمیایی کەوتوون لە سەردەشت، بەو هۆیەوە لێیان دەمرێ. خەڵکی شاری سەردەشت کە ئەو کات ژمارەیان لە ٢٥ هەزار کەس تێ نەدەپەڕی بە ڕشتنی گازی کوشەندەی خەردەل بەسەریان دا زۆربەیان شاروگوندیان پێ چۆل کرد و ئەو کەسانەی کە دەرنەچووبوون و بەساغی مابوونەوە ویستیان کە

لە شار دوور بکەونەوە و بە یەکجاری خۆ لەو بەڵایە رزگار بکەن، بەڵام شارێگەی سەرەکی سەردەشت لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان کەوتبوە بەر هێرشی فرۆکەکان و گازی خەردەلیان رشاند بوو، ئەو گازە کوشەندەیە کاریگەری لەسەر خەڵك دانا و ژمارەییێکی زۆر زامدار بوون. بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ٨٠٢٥ کەس لەو شارە دا شەهید و بریندار بوونە. ئەوە لەکاتێکدایە کە زۆربەی زامدارەکان ناویان لە ریزی زامدارەکان و لە لیستی گیانبازانی رژیمدا تۆمار نەکراوە.

شیمیایی باران کردنی شاری سەردەشت و کوشتن و بریندار کردنی زیاتر لە ٨٠٢٥ کەس لە خەڵکی ئەو شارە پەڵەییێکی رەشی دیکەیە کە بە نێو چاوانی سەرانی رژیمی ئاخوندیەوە و ئەوان هۆییێکی دیکەی خنکاندنی ئەو شارە بوون. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی بەعس و سەدامی گۆربەگۆر بە تاوانی قڕکردن و کوشتن و بەکۆمەڵکوژی و جینوسایدی نەتەوەییێك حوکمی لە دار درانیان دراوە و سزای خۆیان وەرگرت و کرانە پەندی زەمانە و دەرسی عیبرەت بۆ

دیکتاتۆرانی ئێستا و داهاتوو، بەڵام بە تەنیا بە دادگای کردن و لەدار دانی ئەوان برینە بە ناسورەکانی خەڵکی کوردستان و باقی خەڵکانی دیکە سارێژ نابێتەوە.کاتێك خەمەکان سووك دەبن کە دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندیش لە دادگاییێکی هاوشێوەی سەدام و دارودەستەکەی دادگایی بکرێن.

پەلکێش کردنی سەرانی رژیمی خومینی بۆ بەردەم دادگا ئەرکێکی زەروریە بۆ هێمنایەتی لە ناوچەکە و دلنیابوون بە ژیانێکی باشتر بۆ دوارۆژ، ئەو قۆناغە ئەوە دەخوازێت کە تێکرای خەڵکی ناوچە و کۆمەڵگای جیهانی بە تێکرا چاو بە پەروەندەی نگریسی رژیم و درێژەدان بە شەڕی ئێران ـ عێراق و کاری تروریستی لە وەڵاتان و پشتیوانی لە تاقمە تێکدەرەکان و پێخۆست کردنی مافی مرۆڤ، بخشێننەوەو گۆشەگیرتری بکەن. لەیادی بیستەمین ساڵی شیمیایی باران کردنی شاری سەردەشتدا، جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بەکەس و کاری شەهیدان رادەگەیینینەوە و هاوکات هومێد بە چاك بوونەوەی نەخۆشەکانی ئەو کارە لە خودای گەورە داواکارین.

***

# ئیعترافی خامنەیی بە کێشەی ناخۆیی لە دەسەڵاتی ئاخوندیدا

وەلی فەقیهی رژیم لە قسە گەلیدا روو لە ئەمدامانی کابینەی پاسدار ئەحمەدی نژاد و ئوستانداران دا دیانی بە بوونی کێشەی ناوخۆی رژیم و شپرێوی دەسەڵات دانا و گوتی: لە ماوەی ساڵەکانی رابردوودا هێندێ کەس و تەنانەت ژمارەیەك لە موخلیسانی شۆڕش وایان دەزانی کە شیعارە سەرەکیەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئیتر جێگەی نەماوە و دەورانی تەواو بووە و تەنانەت سوکایەتیشیان بەو شیعارانە کرد. تەلەفزیونی رژیم کە قسەکانی خامنەیی بڵاودەکردەوە لە درێژەی ئیعترافاتی ناوبراودا لایەنەکانی ئاڵۆز و دەستە بەندی ئاشکرا کرد و بەرپرسەکانی دەوڵەتی لە دەم بە دەمەی سیاسی و دەستەیی و کات کوشتن ئاگادار کردەوە و هێندێك رەخنە و ئیرادی لە ڕووی دلسۆزی و هێندێکی دیکەی بەنەزان ناو برد و بیری هێناوە کە کەسانێك هەن کە ئەگەر کارێك ئەنجام بدرێ دەڵێن بۆچی ئەنجامت دا و ئەگەر ئەنجامی نەدەی دەڵێن بۆچی نەتکرد. نابێ گرینگی بەوجۆرە قسەو گلەیی و ڕەخنانە بدرێ. ناوبراو رخنەی لە و هێرشانە بۆ سەر ئەحمەدی نەژاد لە سەر چوونی بۆ ئوستانەکان گرت و گوتی: مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ لە هێندێك کەس کە وەها هەنگاوێکی بەکەڵك و بایخدار دەبەنە ژێر پرسیار. وەلی فەقێ ی رژیم لەگەڵ دیفاع لە بەرنامەی جیرەبەندیی بەنزین، وەزعیەتی ئاڵۆزی ئابوری و بژێوی خەڵکی بۆ رۆژگاری قاجارو پەهلەوی گێڕایەوەو گوتی: جیرەکردنی بەنزین لەو کارانەیە کە حکوومەت ئازایانە بڕیاری لەسەرداو هەنگاوی هەڵگرت کە ئەبێ بە لێکۆڵینەوەی ورد ئەو بڕیارە درێژە

پێ بدرێ. خامنەیی ئیعترافی بە بێزاری خەڵك لە رژیم کردو گوتی: ئەگەر دەوڵەت لە شوێنێك هەست بکا هێندێك پەسەندکراو شیاوی بەرێوەبردن نیە بەراشکاوی بە خەڵك ڕابگەیێنێ تا هیوای خەڵك بە بەرپرسان لەرزۆك نەبێ. خامنەیی هەروەها دادنی بەوەدا هێناوە کە بەرنامە سەرکوتگەریەکانی رژیم کە پێی دەڵەن ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن خەڵکەوە بەربەرەکانێ دەکرێ و گوتی: ئەنجام دانی ئەو بەرنامەیە زۆر پێویستە و دەبێ ئەو ئەرکە جێ بە جێ بکرێ و گوێ نەدرێتە گلە و گازندە، خامنەیی گوتی: هەڵوێستی جمهوری ئیسلامی لە بازاڕی سیاسەتی دەرەکیدا لە سەرەتاوە هێرش بەرانە بوو گۆڕانی ئەو سیاسەتە بە سیاسەتی دیفاعی هەڵەیەو بەداخەوە چەند جارێك ئەو هەڵە ڕووی داوە. ناوبراو لەگەڵ دەربڕینی ترس لە سزاکانی نێودەوڵەتی، لەسەر هەوڵەکانی ناوکەیی پێداگری کردو لە حاڵێکدا لە رژیمی ئاخوندی وەکو میللەت ناو بردو گوتی: نەتەوەیی ئێران ئەوەی کە مافی خۆیەتی ئازایانە پێووشوین دەگرێ و ئاڵۆزیەکانیش کاریگەری لەسەر ئەو مەسئەلەیە نابێ. تەلەفزیونی رژیم هەروەها لە زمان احمدی نژاد لە بارەی پێوشوین گرتنی تێکۆشانە ئەتۆمیەکان گوتی: ئەو مافە بێ هیچ پاشەکشەیێك و بێ هیچ کاریگەریی هەرەشەکان و شەڕی رەوانی درێژەی ئەبێ. من بە ڕاشکاوی ڕادەگەیێنم کە دەوڵەت بۆ بەرێوەبردنی ئەو سیاسەتە درێژە بە رێبازی دەدا و ناوێستێتەوە.

***